




# دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران و
# سزا نێونەتەوەییەکان

**ئەنوەر ئەسەدزادە**

**ڕێکـــەوتی ٢٧ی گـــوڵان لەپـــەراوێزی کۆبوونـــەوەی ١٥ وڵات لـــەتاران، ڕێککەوتنێك لەلایەن وڵاتانی بەرازیل و تورکیاو کۆماری ئیسلامی واژۆ کرا .بە پێی ئەم ڕێککەوتنە سێ قۆڵییە، کۆماری ئیسلامی ١٢٠٠ کیلۆ لە یۆرانیۆمی کەم پیتێندراوی (٣,٥٪) خۆی دەگوازێتەوە بـۆ وڵاتـی تورکیـاو پـاش سـاڵێك لەبەرابـەر ئـەوەدا ١٢٠ کیلـۆ یۆرانیـۆمی (٢٠٪) پیتێنـدراو بـۆ ڕێکتـۆری لێکۆڵینەوەی تاران وەردەگرێت.**

**ئەوەی تـا ئێسـتاکە لـە ڕاگەیاندنـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی و بەتایبـەتی شەخسی ئەحمەدی نژاد بینراوە، ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە بەسەرکەوتنێکی گەورە وەسف دەکەن و خۆیان بەسـەرکەوتوویەکی گـەورەی ململانێیـەکی دیپلۆماسـی وەسف دەکەن .**

**تـا ئـەو شـوێنەی دەگەڕێتـەوە بـۆ لایـەنی دیکـە کـە مەبەسـت ڕۆژئـاواو ئەمریکایە، ئەم ڕێککەوتنە پێشوازییەکی وای لێنەکرا بەجۆرێك کـە هـیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئـــەم ڕێککەوتنە هیچ کـــار**

ناکاته درێژەی دانوستانەکان بۆ سەپاندنی سزای دیکە لەدژی کۆماری ئیسلامی. تەنانەت رۆژێك پاش ئەم رێککەوتنە سێ قۆڵییە شاهیدی ئەوە بووین کە ئەمریکا رەشنووسی دەوری تازەی سزاکان لەدژی کۆماری ئیسلامی لەناو سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بڵاو کردەوە.

هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوایی‌و ئەمریکا بووە هۆی نیگەرانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامی رایگەیاند کە ئەگەر ئەمریکاو رۆژئاوا پێشوازی لەم رێککەوتنە نەکەن، کۆماری ئیسلامی رێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. جێگەی ئاماژەیە کە رووسیاو چین وەك دوو شەریکی بازرگانی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی خۆیان لە دەوری تازەی سزاکان لەدژی کۆماری ئیسلامی دەربڕیوە.

لێرەداو پاش ئەم قسەوباسانە شاهیدی ئەوە بوون کە ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان پاش تاوتوێکردنی رەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بەدانی ١٢ دەنگ لە ١٥ دەنگی ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر سەپاندنی سزا، بڕیارنامەی ١٩٢٩ یان لەدژی کۆماری ئیسلامی پەسند کرد. هەروەك چاوەڕوان دەکرا بەپێی ناسینی سایکۆلۆجیانەی کۆماری ئیسلامی‌و شەخسی ئەحمەدی نەژاد، دەست بەجێ ناوبراو بڕیارنامەکەی بەشتێکی بێ کاریگەر وەسف کرد.

لەپاڵ ئەوەشدا شاهیدی تووڕەبوونی بەشێك لەئەندامانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران سەبارەت بەو رەفتارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بوون، بەجۆرێك کە خوازیاری چاوپێداخشانەوەی کۆماری ئیسلامی بوون لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتۆم. لێرەدا بۆ روونکردنەوەو هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین تاچەند ئەم بڕیارنامەیە کاریگەری دەبێت لەسەردۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئاوڕێك لەدۆخی ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

**بواری ناوخۆیی**

ئەگەر بەکورتی چاوبخشێنین بەسەر ڕووداوەکانی ناو خۆی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە بواری ئابووریدا بەتەواوی تووشی کزیو دارمان هاتووە .

ئامارەکان نیشان دەدەن کە ڕێژەی هەڵئاوسان لەئێران بەهۆی سیاسەتی ئابووری ڕژێم بەرەو هەڵکشان دەچێت. لەلایەکی دیکەوە دەوترێ کە ڕادەی بێکاری بەشێوەی ڕۆژانە زیاتر لەهەمیشە بەربینگی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای گرتووە. لەپاڵ ئەوانەشدا بەپێچەوانەی لێدوانەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، بەشێکی زۆری ئامێرو دەزگاکانی پاڵاوتنی نەوت تووشی خەسار هاتوونو کۆماری ئیسلامی بەهۆی گەمارۆکانی کەلوپەلە پیشەسازییەکان توانای چاککردنەوەیانی نییەو ئەمەش لەداهاتوودا حکومەت زیاتر تووشی کێشە دەکات .

هەروەها کۆماری ئیسلامی سەرباری ئەوەی کە دووهەمین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لە ڕێکخراوی ئۆپێکدا، شاهیدی دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتە بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری لەکڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی وڵاتی چین کە گرنگترین کڕیاری نەوتی خاوی ئێرانە بەرەبەرە خۆی لە وابەستەیی بە نەوتی ئێران دوور دەخاتەوە.

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە چەند مانگی ڕابردوو چین زیاتر لە (٤٠٪) کڕینی نەوتی لەئێران بێنێتە خوارێ. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی قسەکانی وەزیری نەوت، کۆماری ئیسلامی لەمەودوا ناتوانێت بە فرۆشتنی بەرمیلی نەوت بە نرخی ٦٥ دۆلار، ژیانی کۆمەڵانی خەڵك بەڕێوە بەرێت .

گومان لەوەدا نیە کە نەوت ڕۆڵێکی دیاریکەرو سەرەکی لە بەرەو پێشبردنی ئابووری ئێراندا هەیە. بە هۆی ئەوەی بەشێکی گەورەی داهاتو بودجەی ئێران لە هەناردەکردنی نەوتی خاوەوە سەرچاوە دەگرێ. پیشەسازی نەوتی ئێران لە ٥ ملیۆنو ٧٦هەزار بەرمیل لە ساڵی ١٣٥٦ەوە گەیشتۆتە ٢ ملیۆنو ٥٠٠هەزار

بەرمیل لەساڵی پارداو بەم جۆرە هەناردەکردنی نەوتی خاوی کۆماری ئیسلامی ئێستاکە لە ٢ ملیۆنو ١٠٠هەزار بەرمیل تێناپەڕێت.

## بواری دەرەکی

بواری دەرەکیو دیپلۆماسییانەی کۆماری ئیسلامیش تووشی قەیرانێکی هەمەلایەن هاتووە. سەرباری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەتەواوی دڵی خۆشکردبوو بە پشتیوانیو لایەنگری چینو رووسیا، بەلاّم بینیمان کە ئەم دوو ولاّتە بەهۆی نزیک بوونەوە لە رۆژئاواو ئەمریکا خۆیان لە رژێم دورخستەوە، ئەمەش خەسارێکی گەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی .

ئەگەرچی هێشتا رووسیاو چین خاوەن هەندێك بەرژەوەندی ئابووریو بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەن، بەلاّم ئاساییە کە ئەوانیش بەرژەوەندیی نەتەوەییان لەکوێدا گرنگی زیاتر دەپارێزرێت، بەرەو ئەو لایەنە هەنگاو دەنێن .

ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەم دوو ولاّتە بەرژەوەندیان لەنزیکبوونەوەیان لەم ساتەوەختەدا لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکادایەو راستی ئەمەش لە دەنگی ئەرێی هەر دوو ولاّت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی سەلمێندرا .

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری قورسایی کۆماری ئیسلامی لەئاستی ناوچەکەدا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم رژێمە بەهۆی سیاسەتی پشتیوانیکردنی حزبوڵلاو حەماس کە پێچەوانەی خواستی دەوڵەتە عەرەبە میانڕەوەکانو خۆرئاوایە، بەرەبەرە پەیوەندییەکانی لەناوچەکەدا بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبە میانڕەوەکان بەرەو لاوازبوون دەچێت، ئەگەرچی لەسەرەتاکانەوە بەهۆی قسەکانی ئەحمەدی نژادەوە لەدژی ئیسرائیل لەلایەن ولاّتانی عەرەبی ناوچەکەوە هەندێك پشتیوانی لێدەکران

**بڕیارنامەی ١٩٢٩:**

بەگوێرەی ناوەرۆکی بڕیارنامەکەی ١٩٢٩ بەپێچەوانەی قسەکانی بەرپرسانی ڕژێم کە هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر دۆخی ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی، بگرە بەپێچەوانەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کۆماری ئیسلامی .

پشکنینی کەشتییەکانو چاودێریی هێڵی دەریایی کۆماری ئیسلامیو هەروەها ڕێگرتن لەفرۆشتنی چەکی قورسو گوشار بۆ سەر بەشێك لەو نیهادو دامەزراوەو بانکانەی کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە هەیە، خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی.

لەلایەکی دیکەوە بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو یەکێتیی ئەوروپا بەشێوەیەکی سەربەخۆو لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستی داوەتە سەپاندنی سزای توند لەبواری وزەی وەکو نەوتو گاز. ئەمەش بەگوێرەی قسەی بەشێکی زۆری کارناسان، دەبێتە هۆی هەرچی زیاتری لاواز بوونی ئابووری کۆماری ئیسلامی .

لەگەڵ سەپاندنی ئەم سزایانەو توندبوونەوەی سزاکانیان ئەمریکاو هەروەها ئوستورالیاو وڵاتانی تر. لەبیرمان نەچێت کە کۆنگرەی ئەمریکاش بۆ کاریگەربوونی زیاتری خۆی لەسەر بەشی وزەو بانکداری کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە سەپاندنی گەمارۆ لەجۆری گوشار بۆ سەر پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ و هەروەها گوشار بۆ سەر ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە لە بواری نەوتو گازەوە لەگەڵ ئێران لەپەیوەندیدان.

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوانەی باس کران ئەگەر سەیری ڕادەی سزاو گەمارۆکان بکەین بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەو دۆخە لاوازو قەیراناوییە کە ئێستاکە تێیکەوتووە، دەربازبوون لێی ئەستەمە.

قوڵبوونەوەی ئەم کێشانە بۆ کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا باشتر خۆی دەنوێنێ کە تەنانەت خودی بەرپرسانی ڕژێمیش وەکو ئەحمەدی نژاد باس لەوە

دەکەن کە ئێمە خوازیاری دانیشتنو دیالۆگین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی ئەتۆمی ئێران .

## ئه نجام

هەر وەك وتراوە پێشوتریش کۆماری ئیسلامی توانیویەتی خۆی لە گوشاری سزاو گەمارۆ ئابووریيە جیهانییەکان کە خۆی لە سەپاندنی سێ بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبینێتەوە دەرباز بکات. بەڵام بەهەموو ئەوانەشەوە بەگوێری قسەکانی ئۆبامای سەرۆك کۆماری ئەمریکاو باقی کارناسانی دیکە ، رادەی ئەم سزایانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەوانەی دیکەی باسی هات، دەتوانێ کاریگەری زیاتری لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبێت .

تەنانەت شکستە سێ قۆڵییەکەی کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ بەرازیلو تورکیاش ئەگەر بخەینە پاڵ باقی قەیرانە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانی رژێم، بێشك دەتوانین زیاتر لە قووڵایی کارتێکەری ئەم سزا نوێیانە لەدژی کۆماری ئیسلامی تێبگەین .